# لەبارەی نیگەرانییەوە

(نیگەرانی وەک چەمکێکی بوونگەرایانە لای هایدیگەر)

**ئازاد شکور**



٣ی ئایار ٢٠٢٢ وتار

نیگەرانی کێشەدارترین چەمکی نێو فەلسەفەی بوونگەراییە و کەم فەیلەسووفی بوونگەرا هەیە نەیکردبێتە کرۆکی فەلسەفەکەی خۆی، لەنێو فەیلەسوفە بوونگەراکانیشدا هیچیان هێندەی هایدیگەر بە قووڵی لە بابەتی نیگەرانی نەکۆڵیوەتەوە. مارتن هایدیگەر فەیلەسووفی ئەڵمانی و

یەکێک لە ڕێبەرانی قوتابخانەی بوونگەرایی، لەبارەی 'نیگەرانی'یەوە دەڵێت: "بەو پێیەی مرۆڤ بوونێکی ناتەواوی هەیە، بوونێکە بە ناتەواوییەوە پەیدا بووە و دەیەوێت لە ڕێگەی نیگەرانییەکانییەوە، بوونی خۆی تەواو بکات، بەم پێیەش ئەوە حاڵەتێکی ئاساییە کە مرۆڤ نیگەران و دڕدۆنگ بێت هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا بژێت، چونکی مرۆڤ پرۆژە و بەرنامە و پلانی هەیە بۆیە دەیەوێت لە ڕێگەی نیگەرانییەکانی خۆیەوە پرۆژەکانی تەواو بکات، ڕوو لە داهاتووکردن و هەڵبژاردنی پرۆژەکان بۆ خۆ تەواوکردن مرۆڤ تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی دەکات".[1] بەم پێیە مرۆڤ نیگەرانی ئەوە دەبێت کە چۆن پلان و ڕەنگرێژی دابنێت، کە چۆن هەموو ئەو پرۆژە و کارانەی لە زیهنی خۆیدا جێگیری کردووە بە ئاکامی بگەیەنێت. کەواتە لە کۆی تەواوی بوونەوەرەکان ئەوە تەنها مرۆڤە کە نیگەرانە، هەڵبەت نیگەرانی وەک چەمکێکی وجودی نەک وەک بابەتێکی دەروونی و سایکلۆجی. ئێمە لێرەدا باس لەو جۆرە بووانە دەکەین کە بوویەکی ڕەسەن و هۆشمەندانەن، چونکە ئەوە تەنها مرۆڤە هۆشمەندەکانن کە بیر دەکەنەوە و نیگەرانن بۆ داهاتوو، بۆیە مادامەکی مرۆڤ هەیە ئەوا دەبێت نیگەران بێت. هایدیگەر بۆ ئەوەی نیگەرانی بکاتە شوناسی مرۆڤ، چیرۆکێکی خەیاڵی ناو ئەفسانەکانی گەلی یۆنانمان بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: (ڕۆژێک خوداوەندی 'نیگەرانی' لە ڕووبارێک پەڕییەوە و تۆپەڵێک قوڕ دەدۆزێتەوە؛ بە سەرنجەوە هەڵیدەگرێت و پەیکەرێکی لێ دروست دەکات. لەو کاتەدا 'خوداوەند جۆبیتەر[ژووپیتەر [jupiter]' کە خوداوەندی 'ڕووح'ە، جۆبیتەر بە 'خوای نیگەرانی' دەڵێت:

[1] مارتن هایدگەر، بوون و کات، و: دکتۆر محەمد کمال، سلێمانی، چاپی یەکەم- ٢٠١٣

که ئەو واتا جۆبیتەر دەتوانێت ڕووح بخاتە بەر ئەو پەیکەرە، پاشـــان گیانی بەو پەیکەرە دا، بەڵام کە نیگەرانی ویســـتی ناوی خۆی لێ بنێت، ئەوکات جۆبیتەر ڕازی نەبوو، ویستی ناوی خۆی لێ بنێت، بۆیە لەسـەر ناوەکەی مشـتومڕ دروســت بوو، لەو کاتەدا 'تیلۆس' خوداوندی 'زەوی' پەیـدا بوو. خوداوەنـد زەوی داوای کرد نـاوی زەوی لێ بنێن، چونکە پەیکەرەکە لە قوڕ دروســـت کراوە، وە قوڕیش بەشـــێکە لە زەوی. لە کۆتـاییـدا ئەم خوداوەنـدانە پەنـایـان بۆ خوایەکی دیکە برد کە نـاوی 'سـاتورن'ە بۆ ئەوەی ناوبژیان بکات و کێشـەکەیان بۆ چارەسـەر بکات، ئەویش بەم شـێوەیە کێشـەکەیانی چارەسـەرکرد، "ئەی جۆبیتەر تۆ مادام گیانت پێ بەخشـیوە ئەوا لە دوای مردن گیانی دەگەڕێتەوە بۆ خۆت، وە مادامەکی زەوی لەشی داوەتێ و لەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو، بەڵام خوای نیگەرانی ئەم پەیکەرەی داتاشیوە هەتا ئەو ڕۆژەی دەمرێت ئەم پەیکەرە بۆ نیگەرانییە. لەبەر ئەوە کەســـتان لەســـەر ناوەکەی ڕێک ناکەون و ئەمیش لە قوڕ درووســت کراوە ئەوا ناوی دەنێم مرۆڤ چونکە قوڕە").[2]
کەوابێت جارێکی تر دەبێت ئەو ڕاســـتییە گرنگە بڵێینەوە کە ئەوە تەنها مرۆڤە تووشـــی نیگەرانی دەبێت، بە پێچەوانەی بوونەوەرەکانی ترەوە، چونکی بوونەوەرانی تر تەنها جنسیان هەیە و خاوەنی ئاگایی نین، ئەوە تەنها مرۆڤە کە خودانی هەردوو تایبەتمەندیی جنس و ئاگایین. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە مرۆڤ هەتا ئەوکاتەی دەمرێت بوونێکی نیگەرانە، هیچ مرۆڤێک نییە و نابێت بەبێ نیگەرانی، تاکێک لەم جیهانەدا نابینیتەوە تـاکێکی خەمخۆر و نیگەران و دڕدۆنـگ نەبێـت. هەروەکوو بە هەمـان

[2] مارتن هایدگەر، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 282

شـــێوەش بیرمەندی دانیمارکی و دامەزرێنەری قوتابخانەی بوونگەرایی "ســـۆرین کیرکیکـارد" تێڕوانینی خۆی لەبـارەی چەمکگەلی وەکوو "نائومێدی و نیگەرانی و ئازارو دڵەڕاوکێ"وە بەم شـــێوەیە دەخاتە ڕوو: "پرســـی نائومێدی و دڵەڕاوکێ خۆی لە خۆیدا پرســـێکە پەیوەندی بە بوونەوە هەیە، پەیوەســـتە بە بوونی مرۆڤەوە، پەیوەندی بەو مرۆڤانەوە هەیە کە لەنێوان کەش و هەوای ژیاندان، کەواتا مادامەکی مرۆڤ بوونی هەیە ئەوا کارێکی ئاســـاییە کە مرۆڤ تووشـــی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی ببێتەوە، چونکە مرۆڤ بوونێکە خاوەنی ئاگایی و بیرکردنەوەیە، هەموو ئەمانەش پەیوەستن بە واقیعی ژیانی مرۆڤەوە، بە واقیعی ئەوەی مرۆڤ لە نێو ژیـانی خۆیـدا نـاچـارە لەنێو کۆمەڵێک گریمـانە و بیرکردنەوە و بۆچوونـدا یەکێـک هەڵبژێرێـت، هەڵبژاردنیش خۆی لە خۆیـدا هەم بەرپرســـیارێتی و هەمیش نیگەرانی و دڵەڕاوکێیە، لەو ســـەروبەندەدا مرۆڤ خۆی لەو نیگەرانییە دەبینێتەوە، کە ئایا کامیان هەڵبژێرێت، ئەم یـان ئەو، ئەی ئەگەر هەڵبژاردنەکە ڕاســـت دەرنەچوو؟ ئەی ئەگەر هەڵبژاردنەکە ڕاســـت دەرنەچوو ئەو کـات چی ڕوو دەدات".[3] ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە مرۆڤ هەمیشـــە بۆ ئەوەی بڕیـار بـدات دەبێت ســـەرکێشـــی بکات، ئاســـاییە ئەگەر هەموو ســـەرکێشـــییەکیش هەڵگری دڵەڕاوکێ بێت، چ لە کاتی سەرکەوتن یان لە کاتی کەوتن و شکستهێنان، کەواتا ئاســـاییە مرۆڤ لەنێو ژیاندا پڕ بێت لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و دڕدۆنگی، کەواتـا نیگەرانی خـاســـیەت و تـایەتمەنـدێتیی مرۆڤە، تـاکە بوونەوەرێکیشـە تووشـی نیگەرانی دەبێت پێچەوانەی بوونەوەرەکانی تر

[3] ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، کیرکیگارد فەلسەفەو ژیان، هەولێر، چاپی یەکەم-٢٠١٣

به هۆی ئەوەی مرۆڤ کەسێکی کۆمەڵایەتییە و بەرکەوتەی لەگەڵ مرۆڤەکان و سروشت و بوونەوەرەکانی تر هەیە و ناتوانێت بە تەنها ژیان گوزەر بکات، بۆیە لەو پێودانگەوە نیگەران بوونی دەبێتە دڕدۆنگی و نیگەرانییەکی حەتمی.

بۆ ئەم مەبەستە بە گرنگی دەزانین بۆچوونی مارتن هایدیگەر بخەینە ڕوو سەبارەت بە چەمکی "دازاین" و بوونی مرۆڤ، تا لێیەوە لەوە تێبگەین کە چەمکی نیگەرانی لای هایدیگەر چۆن و بۆچی بەکار هاتووە. بوونی مرۆڤ بەو پێیەی بوونێکی ئاگامەندانەی هەیە، خاوەنی هزرین و تێفکرینە، بۆیە ڕاستەوخۆ بوونەکەی دەبەسترێتەوە بە جیهانەوە، لە فەلسەفەکەی "مارتن هایدیگەر"دا جیهان چوار واتای هەیە، ئەوانیش:

١. مرۆڤ بوونێکی جیهانییانەی هەیە: ناتوانرێت لەدەرەوەی جیهان بژێت.

٢. بوونی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا: مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی لە ڕێگەی سروشتەوە فەراهەم دەکات، بۆ ئەو جیهانەی دەگۆڕێت کە خۆی دەیخوازێت، بۆ نموونە کورسی-مێز-قەڵەم-پەرتوک، قەدی ئەو درەختانەن کە لە سروشت-دارستانەکانەوە بڕراونەتەوە، مرۆڤ بۆ مەبەستی خۆی گۆڕیونی.

٣. بوونی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی جیهانییانە، کە مەبەست لێی کەلوپەلەکانی دەوروبەرمانە.

٤. بوونی مرۆڤ لەگەڵ نیشتمان، مەبەست کۆی گەردوونە.[4]

---

[4] دکتۆر محەمەد کەمال، هایدگەرو شۆڕشێکی فەلسەفی، سلێمانی، چاپی یەکەم-٢٠٠٧

ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە مرۆڤ بوونێکی کەموکورت و ناتەواوی هەیە، لە ڕێگەی کەلوپەل پێداوایستییەکانی خۆی کەسانی دەوروبەر و جیهانەوە، دەتوانێت خۆی تەواو بکات، بەبێ ئەو خاسیەتانە شتێک نامێنێت بە ناوی بوون و ژیانەوە پێداویستییەکانی خۆی لە ڕێگەی چواردەوری خۆیەوە بە ئەنجام دەگەیەنێت بەهۆی ئەوەی کەموکورتییەکانی خۆی پڕ بکاتەوە هەمیشە نیگەرانی ئەوەیە کە چۆن بەرنامە دابنێت بۆ تەواوکردنی پرۆژە و جێبەجێکردنی بیرکردنەوەکانی.

هەرخودی هایدیگەر پێی وایە: "نیگەرانی دەلالەتێکی بوونگەرایانەی لەبارەی دۆزینەوەی خود و کرانەوەی بە ڕووی جیهاندا هەیە. هەستکردنیش بە نیگەرانی حەقیقەتی بوونی خود ئاشکرا دەکات، بەم شێوەیەش نیگەرانی لە 'ترس' جیا دەکاتەوە، پێی وایە ترس بەهۆی مەترسیی شتێکەوە دروست دەبێت، لەگەڵ نەمانی ئەو شتەش ئەوکات مەترسییەکەش لەناو دەچێت، بەڵام نیگەرانی جودایە و ڕووی لەو شتەیە کە هێشتا ڕووی نەداوە، بۆیە خاسیەتی چاوەڕوانیکردن بە خۆ دەگرێت، چاوەڕوانیش حاڵەتێکە بۆ ئایندە، کە لەسەر چاوەڕێ لێکردن دامەزراوە؛ بۆیە ئێستای تێدایە".[5]

ئەگەر بێتوو چەمکی نیگەرانی نزیکتر بکەینەوە و ڕوونتر لە بارەیەوە بئاخڤین، ئەوا دەبێت لە تێگەیشتن لە چەمکی "دازاین"ی هایدیگەرەوە

[5] مەجدی کامل، بوونگەرایی"وجودیەت"، و:ئیسماعیل کوردە، چاپی یەکەم- ٢٠١٩

تێڕوانیەکانمان لەبارەی نیگەرانی و نائومێدییەکانی تاک بخەینە ڕوو. هەڵبەت ئێمە لێرەدا چەمکی نیگەرانی بە مانا فیکری و ڕەسەنەکەی باس دەکەین نەک وەک حاڵەتێکی دەروونی. هەر لەو تێڕوانینەی هایدیگەریشەوە دەتوانین ئەوە هەڵهێنجێنن کە دەبێت تاک لەوە تێبگات، ئەوە نیگەرانییە، دەتوانێت وای لێ بکات زیاتر بیر بکاتەوە و ڕزگاری ببێت لەو ڕەوشە ناهەموارەی کە بەزۆر سەپێنراوە بەسەر تاکدا. دەتوانێت ڕزگاری بێت بەو مەرجەی پێشمەرج و نۆرمە جڤاکییەکان تورڕ بدات. ئەو بارودۆخ و نائومێدی و دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەی کە ڕووبەڕووی تاک دەبێتەوە، بە تەنها تایبەت نابێت بە تاکەوە بەڵکوو تەواوی کۆمەڵگاش بە هەمان ئاقار و بارودۆخدا دەبات، کەوایە تاک لە ڕێگەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی خودی خۆیەوە دەتوانێت پەی بە نیگەرانییەکانی جڤاکیش ببات، چونکی ئازادی و سەربەخۆیەتی تاک قەتیس نابێت بە تەنها لە خوددا، بەڵکوو بەرسیارێتیی دەوروبەریشی دەکەوێتە سەر، چونکی مرۆڤ بوونێکی جیهانییانەی هەیە و بوونی بەستراوە بەوانی ترەوە، بۆیە هەموو فەلسەفە و تیۆرە هزرییەکان و هەموو مەعریفە و زانستەکان و هەموو تیۆرە سایکۆلۆژی و سۆسۆلۆژییەکان، بۆ ئەوە هاتوونەتە بوون تاکوو چارەسەرێک بۆ ئەو قەیرانە ناوەکییانە بدۆزنەوە. ئەو مرۆڤەی کە لە پەراوێزی بووندا دەژێت و کە بەردەوام هەست بە نیگەرانی و نائومێدی و دڵەڕاوکێ دەکات. بۆیە لەم سەروبەندەدا دەبێت هزر بکەینە پراکتیزەیەکی کردارەکییانەی ڕۆژانە. وەک چۆن پێوستە ئاین لە ئاینێکی غەیبی و نادیارییەوە بگۆڕین بۆ کردارەکی و هزری ئاینی لەنێو ژیانی ڕۆژانەی تاکدا. دەبێت تاک ڕاستەوخۆ خۆی لە ئاین تێبگات و شیکردنەوەی بۆ بکات، چونکە پیاوانی

ئاینی ناتوانن ڕۆڵی نێوەندگیری لەنێوان تاکەکان و خودادا بگێڕن چونکە ئەوان فەرمـــانبەری دەوڵەتن، موچە لە دەوڵەتەوە وەردەگرن، کەوایە ئەگەر فەرمانبەر موچەی لە دەوڵەت وەرگرت، ئەوا بێشک بیرکردنەوە و ڕوانینەکانیان، ڕوانینێکی ســـیاســـییانە دەبێت، بۆیە لەم نێوەندەدا تاک نیگەرانی ئەوە دەبێت کە چۆن خۆی لەو نۆرمە بێنێتە دەرەوە تەرکیز و هزری خۆی بکاتە نێوەندگیر لەبری پیاوانی لاهوت و ئاین، کەوایە یەکەم ئەرکی تاک ئەوەیە شـــۆڕشـــێکی فکری گەورە لە هەمبەر خودی خۆیدا ئەنجام بدات و خۆی ڕزگار بکات، لەو کۆتوبەندەی کە ئاین بەســـــەریدا ســــەپاندوونی تێدا لە ڕێگەی دەقەکانەوە بە ناوی پیرۆزییەوە قفڵ لە مێشـــکی تاکەکان دەدات، لە ئەنجامی بەدەســـــتهێنای خوددا، ئەوکات بەرپرسیاریش دەبێت لە بەرانبەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاش، چونکی تاک تاوەکوو ســـەربەخۆیی خۆی بە دەســـت نەهێنێت ناتوانێت ڕێنوێنی کەســانی دەوروبەری خۆی و کۆمەڵگاکەی بکات، هەرکات خود هەســتی بەوە کرد کە ئاینیش وەکوو سێکتەرەکانی تری کۆمەڵگا بە بازرگانیکراوە و بۆی دەرکەوت کە ئـامـانجی ئـاین خەفەکردن و بەنجکردنی تـاکە و دەسەڵاتی سیاسی بە مەبەستی لەناوبردنی هزری تاکەکان پیاوانی ئاینی بەکار دەهێنێت تاکوو مەعریفە و فەزیلە و ڕیفۆرم لە زیهنی تاک بکاتە دەرەوەوە، ئەگەر هاتوو تاک هەســتی بەم جۆرە گەوجاندنە کرد، ئەوکات تووشـــــی نیگەرانی و دڵەڕاوکێی و جۆرێک لە ســــترێس و دڕدۆنگی وجودی دەبێتەوە، نیگەرانی ئەوە دەبێت چۆن لەو باردۆخە ناهەموارە خۆی ڕزگار بکات، بە هیچ شێوەیەک بە واقیعی باو ڕازی نابێت و خۆی تەســلیمی چارەنووس ناکات، یەکەم کاری تاک دەبێت ســـەربەخۆیی بێت و خودی خۆی لەو بازنەی گەوجاندن و بەنجکردنە بکاتە دەرەوە، خۆی

لەو کابووســـە ڕزگار بکات و ئازادیی خۆی بەرهەم بهێنێت، خۆی خوێندنەوە بۆ دەقەکان بکات و شیکردنەوەیان بۆ بکات و بەدواداچوونی بۆ بکات ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە پێویستی بە ڕێنیشاندەر و ڕێنوێنیکەر هەبێت.

لە دەرئەنجامی ئەم ئازادی و ســـەربەخۆییە، ئەو کات تاک لەهەمبەر جڤاک و دەوروبەریش بەرپرسیار دەبێت، پێویستە وەک چۆن لە هەوڵی بێوچان و خوێندنەوەی وردا بوو بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆی، ئاوهاش دەبێت ڕۆڵی گرنگی هەبێت لە هۆشـیارکردنەوەی تاکەکانی ناو جڤاک و هانیان بدا بۆ خوێندنەوە و بۆ ئاشـنابوون بە دەقێک یان تێکستێک یان شیکردنەوەی ڕووداوێک ئەوا پێویستیان بە لایەنی سێیەم نابێت، واتا سەرچاوەی زانیارییان بریتی دەبێت لە هزرو ڕوانینی خۆیان، ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ دروستبوونی کۆمەڵگایەکی ساخلەم و تەندرووست. هەمووان کۆکین لەسەر ئەوەی، کە نیگەرانی مرۆڤانەیە و تەنها مرۆڤ بە نیگەرانییەوە دەژێت، ئەمەش وا دەکات جگە لە پەیوەندیی کردارەکی و مەعریفی لەنێوان ئاگامەندی بووندا دەخاتە ڕوو، بوونی مرۆڤ لەگەڵ جیهان و دەوروبەر و خەڵکیدا، دەکاتە بوونێکی خەمخۆر و نیگەران، چونکە جیهان بۆ مرۆڤ دەبێتە نیشـتمان، بۆیە نیگەرانی بۆ بوون براوەتەوە، بۆ نموونە مرۆڤ لەبەر ئەوەی دەمرێـت، وادەکـات بوونی ببێتە بوونێکی کاتی و دەبێت هەر ڕۆژێک بوونی کۆتایی پێ بێت، پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەر و خەڵکیدا، دەپچڕێت. لەم سەروبەندەدا، بە هۆی ئەوەی ژیانی مرۆڤ کاتییە، ئەوکات بوونی دەبێتە بوونێکی ڕاڕا و نیگەران و وای لێ دێت ترسی هەبێت و هەمیشە لە هەوڵ و کۆششی

بەردەوامدا بێت، بۆ ئەوەی پرۆژە تەواونەکراوەکانی جێبەجێ بکات، ئەمەش وادەکات هەتا ئەو کاتە دیاریکراوەی کە لە ژیاندا ماویەتی وای لێ دەکات هەمیشە بە نیگەرانییەوە مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر و خەڵکیدا بکات. بە پێچەوانەوە ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە مرۆڤ هەمیشەیی بووایە، مردن بەشێک نەبووایە لە چارەنووسی مرۆڤ، ئەوکات مرۆڤ بەم شێوەیە تووشی نیگەرانی نەدەبوو، هەڵوێستی لە بەرانبەر خۆ تەواو کردن و نیگەرانی بەرانبەر تەواوکردنی پرۆژەکانی و خەم خواردن بۆ ئایندە و جیهان و کەسانی دەوروبەر و خۆی وەک ئێستا نەدەبوو، شێوەیەکی تری وەردەگرت. هەرچەندە بابەتی مردن لەنێو مرۆڤدا لێکدانەوە و خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، بۆ نموونە ئەو تاکانەی کە نەرێنییانە بیر دەکەنەوە پێچەوانەکەی وەردەگرن، بۆ کەسانی ناهۆشمەند نیگەرانی و دڵەڕاوکێی ئەم جیهان و بوونە نین، چونکی پێیان وایە مادام مردن هەیە ئیتر پێویست بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ ناکات، واتا ئەو جۆرە خۆیان تەسلیمی قەدەر و چارەنووس کردووە، بۆیە لەو سەروبەندەدا ناتوانین وەک بوونەوەرێکی هۆشمەند و ڕەسەن وێنایان بکەین، چونکی ئەو جۆرە لە تایپی بوونە، خودانی جۆرێک لە بیرکردنەوەی سنووردارن، ناتوانرێت بیرکردنەوەکەیان ئەو سنوورەی کە بۆ خۆیان کێشاویانە تێی پەڕێنن، هەمیشە ئەو جۆرە لە بوون هەموو خەونێکی گۆڕانکاری و ڕیفۆرم لە ناخی خۆیاندا کپ دەکەن و هەموو ئەو هیوایەی کە دەبێتە هۆی ناسینی خود لە ناوەوەی خۆیاندا زیندەبەچاڵ دەکەن، ئەمەش بە بیانووی ئەوەی ئەم ژیانە کاتییە ڕۆژێک دێت مرۆ تیایدا بەرەو فەنابوون و لەنێوچوون دەچێت ئەو هەموو ئەو هیوایانەی کە گرنگن بۆ تاکێکی ساخڵەم و تەندرووست دەگۆڕدرێت بۆ

تاکێکی نائومێد و بێئیرادە و بێهیوا، لەو ڕێگەشـــەوە ڕێگە خۆش دەکات، بۆ دروســـتبوونی کۆمەڵگایەکی داتەپیوو و ئفلیج، بەڵام ئەم پرســـە بۆ تاکێکی دڕدۆنگ و نیگەران و خاوەن هزر پێچەوانەکەی دەســـەلمێنرێت، تاکێک کە خاوەن تێڕوانینێکی بێســنوور و خاوەن ئاگامەندییە، هەمیشــە بەهۆی ئەوەی ڕۆژێک دەبێت دەمرن، هەمیشــە نیگەرانی ئەوەن کە وەک تاک خۆی بینا و دروســـت بکات، ناتەواوییەکانی خۆی تەواو دەکات، خەون و هیوا هیومانیســـتییەکەی بە ئەنجام دەگەیەنێت و لەوێشـــەوە بەرپرســـیاریەتییەکەی خۆی جێبەجێ دەکات کە ئەویش بڵاوکردنەوە و هۆشــیارییەکانە بۆ جیهان و کەســانی دەورووبەر بەهۆی ئەوەی بوونی مرۆڤ بوونە لەنێو جیهــانــدا و لەگەڵ دەوروبەر و کەســـــانی تردا.

وەک پێشـــتر ئاماژەمان بۆ کرد، تاک ناتوانێت بەتەنها دوور لە کۆمەڵگا بژێت، هەمیشــە بوونی بەوانی ترەوە بەســتراوەتەوە. باشــترین نموونەش نیگەرانبوونە بۆ ژینگە و ســـروشـــت و پاراســـتنیان، مرۆڤ دەزانێت بەرەوپێشــچوونی پیشــەســازی و هەبوونی ژمارەیەکی زۆری ئامێرەکان وەک بەرهەمێکی پیشــەســازی فاکتەرێکە لەو فاکتەرانەی کە هەڕەشــەی لەنێوبردنی ژینگە و ســـروشـــت دەکەن، بۆیە مرۆڤ لەهەمبەر ئەم لەنێوچوون و داڕووخان و کۆتاییهاتنە هەمیشە خەم دەخوات و نیگەرانی ئەو فەوتــان و لەنێوچوونەی ژینگەیە، ئــاشـــکراشـــە تەنهــا ئــامێر و کەرەســتەی پیشــەســازی نین، کە هۆکاری داڕووخانی ژینگە بن، بەڵکوو کۆمەڵگا و تاکەکانیش فاکتەرن بۆ ئەو لەنێوچوونە، بەمەبەســـت ژینگە و ســـروشـــت پیس دەکەن و دەیســـووێنن و پێشـــێلی کارە مۆڕاڵییە ئیســـانییەکان دەکەن، ئەمەش وادەکات لە بەرانبەر ئەم لەنێوچوونە تاک

هەمیشە نیگەران بێت، ئەم نیگەڕانییەشی دەگوازێتەوە بۆ ئەوەی تاکەکان هۆشـــیار بکەنەوە و ڕێز لە ســـروشـــت بگرن و ژینگەکەیان بپارێزن، چونکی چەند ژینگە پاک و تەمیز بێت هێندەش کۆمەڵگایەکی ســـاخلەم بەرهەم دەهێنێت، چونکی بیرکردنەوەی باش و ئەرێنییانە موڵکداریێتی خاوەنەکەیەتی، بە پێچەوانەوەشـــەوە بیر و هزری قەڵـپ ســـەر بەســـاحیبیەتی. بۆیە دەتوانین بڵێین مرۆڤ هەر لە بنەڕەتەوە هەمیشـــە بوونێکی نیگەرانە، نیگەرانیش یەکێکە لە خاسیەت و تایبەتمەندییە ئەرێنی و پۆزەتیڤەکانی مرۆڤە، بۆ نموونە پاراســـتنی منداڵ لەلایەن دایک و باوکیانەوە وە پەرژین دروست کردن بەدەوری سەربەستیی منداڵەکەیدا وەک هێزێکی نەرێنی تەماشـــا دەکرێ، چونکی ئازادی و ســـەربەســـتیی منداڵەکە داگیر دەکرێت، بەهۆی ئەو هێڵ و ســـنوورکێشـــانەی کە بە دەوری منداڵەکەدا دەکێشرێت. بۆیە نیگەرانی نابێت هێندە زیادەڕۆی تێدا بکرێت بە ناوی پاراستن و دڵسـۆزییەوە پەل بهاوێژێت بۆ نیگەرانییەکی سلبی و نەرێنی. مرۆڤێک گەر زیادەڕۆی لە نیگەرانیدا بکات یان کەسانی دەوروبەر پشـــتگوێ بخات خۆی بەرپرســـیارە و خۆی هەڵیبژاردووە، بەڵام ئەو مادامەکی لەنێو جیهاندایە و لەگەڵ کەســـانی دیکە پەیوەندی هەیە و لەگەڵیاندا دەژێت، ئەوا بوونێکی بڕاوەی هەیە و نیگەرانیشـــە. هەمیشـە دەبێت نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و شـڵەژان و ترسـەکانی مرۆڤ بۆ ئەوە بێت کە بیر لەو کێشەو دیاردە و پرسانە بکاتەوە، کە وجودین و لە واقیعدا بوونیان هەیە و بەشـــێکی دانەبڕاوە لە جڤاک و کۆمەڵگا، دەبێت هەموو کێشـــە و گرفتە وجودییەکـانی نـاو کۆمەڵگـا بخرێتە ژێر میکرۆسکۆبەوە و چارەسەریان بۆ بدوزرێتەوە، مرۆڤ پیویستە هەمیشە نیگەرانی ئەوە بێت کە چۆن تاک بتوانێت خۆی بدۆزێتەوە. ئاســـاییە

مرۆڤ خۆی ون بکات و، دەتوانێت خۆشـــی بدۆزێتەوە بەو مەرجەی خاوەنی خودێکی هۆشـمەندانە بێت، چونکی خودی هۆشـمەند و هۆشـیار ئەو کەســـەیە کە هەوڵ و کۆشــشـــێکی زۆر دەدات تاکوو خودی خۆی بناسێت، بە پێچەوانەی خودی ناهۆشیار ئەو خودەیە بە ئەنقەست هەوڵی ئەوە دەدات لەنێو هاش و هوشـــی جیهاندا خۆی ون بکات، فاکتەری فەسـادی و گەندەڵی لەم قۆناغەدا بریتییە لە سڕینەوەی تاک، گەندەڵی و فەسـادی یەکێک لەو نیگەرانی و ترسـانەیە کە تاک هەمیشـە هەسـت بە بوونی دەکـات، چونکی لە ئەگەری خراپ ئـاڕاســـتەکردنی دەوڵەت و بەفیرۆدانی ســـامانی نیشـــتمانی و ســـڕینەوەی ئینتمای تاک بۆ گەل و پەراوێزخســـتنی کەرتی پەروەردە و لەنێوبردنی ڕۆڵی قدوە و شـکاندنی شـکۆی تاک و بێئیرادەکردنی تاک وادەکات هەمیشـە نیگەران و دڕدۆنگ بێت لە هەمبەر ئەو باردۆخە نەخواســـتراوەی کە ڕووبەڕووی کۆمەڵ بووەتەوە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامێر و تەکنۆلۆجیا و پێشـکەشـکردنی بەرنامەی بێسـوود و، سـەرقاڵبوونی کۆمەڵ بۆ حەزی تایبەتی و هەندێ خۆشی لاوەکییە، بۆ ئەوەی تاکەکان بە دوای ماف و ئازادییەکانی خۆیان نەکەون و هەمیشە بیریان پەرتەوازە بێت وادەکات تاک هەمیشە هەست بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بکـات، نیگەرانی ئەوە دەبێـت کە لەم ژیـانەدا چارەنووســـێکی نادیاری هەیە، وادەکات نازانێت لە پێناو چیدا دروســـت کراوە، بۆچی هـاتووەتە نێو ژیانەوە، ئەرک و فەرمـان و مافەکانی چین.
مرۆڤ بە ئازادی لەدایک دەبێت، ســـروشـــت هیچ بوونێکی بە کۆیلایەتی دروســـت نەکردووە، ئەوا تاک خۆیەتی بڕیار دەدات ســـەربەخۆ بێت یان بە کۆیلایەتی بمێنێتەوە، گەرچی مرۆڤ ســـروشـــتێکی ئازادانەی هەیە، بەڵام دەســـەڵاتی سـیاسـی تەواوی ئازادییەکانی لێ داگیر کردوون، ئەو

باردۆخە و ناهەمواریيە وادەکات هەمیشـــە نیگەرانییەکانی بۆ ئەوە بێت چۆن هەموو ئەو کەموکورتییـانە پڕ بکـاتەوە، یەکەم ئەرکی خود ئەوە دەبێت، کە ئازادی ســـەربەســـتی و خۆی بەدەســـت بهێنێت و خۆی خاوەنداریێتیی خۆی دەکات و سەر بەخۆی دەبێت، بوونی خۆی بەدەست دەهێنێـت، هەموو ئەو نیگەرانییەی دەبێتە هۆی لەدایکبوونی داهێنـان و پـابەنـدبوون و گرنگیـدان بە ژیـان، نەک خۆ بەدەســـتەوەدان، واتـا نیگەرانییەکی ئیرادەگەراییيانە، چونکی خۆدۆزینەوە و ســـەربەخۆبوون هەروەکوو داهێنان و بەدەســـتهێنانی زانســـت پێویســـتی بە هەوڵ و کۆشـــش و هەوڵی بێوچان و ئیرادەگەراییيانە هەیە، بەهۆی ئەوەی تاک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بوونی ڕاســـتەوخۆ بەســـتراوە بە بوونی ئەوانی ترەوە، بۆیە هەر لەگەڵ بەدەســتهێنانی و خود و خۆناسـینەوە و خـاوەنـداریێتیکردنی خود، ئەوکـات ئەرکێکی ویژدانی مۆڕاڵییە، هەوڵی دۆزینەوەی کەســـانی دەوروبەر و خەڵک و جیهان بدات، چونکی مرۆڤ تەنها و ئازاد و سـەربەست نییە بۆ خودی خۆی بەڵکوو ئازادی نابێت و تەواو نییە بەبێ بەرپرســـیارێتی، واتا بەرپرســـیار دەبێت لە هەمبەر دەوربەری خۆی هەوڵی هۆشـــیـاری بێـدارکردنەوەیـان بـدات، بۆ دەربازبوون لەو زنجیرەی بەهۆی نەزانی و دڵسـافی خۆیەوە دەسـەڵات لە گەردنی کۆمەڵی ئاڵاندووە، کەوابوو لێرە تێدەگەین چەمکی نیگەرانی بە تەواوەتی نیگەرانییەکی وجودییە و هیـچ پەیوەنـدی بە لایەنـی ســـایکۆلۆجی و ترســـەوە نییە، ئەوەی هەیە خەمخواردن و هەوڵدانە بۆ ژیانێکی باشـــتر و پڕســـوود، کەوابوو مادامەکی مرۆڤ بونێکی نیگەرانە جیـاوازە لە فریشـــتە و ئاژەڵ چونکی هەر بە تەنهـا مرۆڤ خـاوەنی هەردوو تـایبەتمەنـدێتیی جنس و ئەقڵە، بۆیە نیگەرانبوونی ئەگەرێکی

حەتمییە، بۆیە یەکەم مرۆڤ نیگەرانی خۆی بێت وەکوو تاک، پاشـــــان نیگەرانی جیهان و کەســانی دەوروبەر. هەتا تاک نەتوانێت شـۆڕشـێکی فکری و مەعریفی بەسەر نۆرمە کومەڵایەتی و سیاسی و ئاینی، خێڵی و تیرەگەراییەکـان بکـات، ئەوا هەرگیز نـاتوانێـت ئـاراســـتەی جڤـاک و دەوروبەریش بکات بۆ ڕێگایەکی ڕاستەڕێ، دەرچوون لە ناڕەسەنێتی و بوون بە خودان هۆشـیاری و گەیشـتن بەرەو لوتکە و باڵابوون نیگەران بوون بۆ خۆدۆزینەوە، خـاســـیەت و تـایەتمەنـدێتیی مرۆڤە، کەوایە نیگەرانییەکـانی مرۆڤ تەواو وجودییە(بوونخوازانەیە)، دژی ڕازیبوون خۆبەدەسـتەوەدانە و داننەنانە بە واقیعی باو، مرۆڤی نیگەران و دڕدۆنگ هەمیشـــە دوای ئەوەی خۆی هەڵدەبژێرێت، بە تەواوەتی بەرپرسـیارێتی ئەوەش دەگرێتە ئەسـتۆ کە دەبێت کە کۆمەڵ و کەسـانی دیکە لە تۆز و خڵتەی نۆرمە ســـیاســـی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان بپارێزێت. بەڵام دەبینین بە ئەســـەفەوە ئەوەی دەگوزەرێـت لەنێو تـاک نیگەرانییەکی نائومێدانەیە بەهۆی ئەو هەموو نادادی و نایەکســـانییەی کە کۆمەڵگای کوردی تەنیوە، بە جۆرێکە سـیسـتەمی سـیاسـی دەسـتی خسـتووەتە بیناقاقای تاک و هەموو ئەو خەونەی کە هەبوو بۆ گۆڕانکاری و ڕیفۆرم و هەمووی بە ئیغراکردنی بەرژەوەنـدیی تـایبەتی لەبـار بران، هەنـدێکی دیش دوای ئەوەی نەیانتوانی چەمکی نیگەرانی بکەنە چەمکێکی وجودی، خۆیان تەسـلیمی واقیعی باو کرد، لەبری ئەوەی بەرپرسیارێتی هەڵبگرن و نەوەیەکی چاکســـاز دروســـت بکەن، بەپێچەوانەوە نیگەرانییەکانیان، لەبری ئەوەی خـاســـیەتێکی ئەرێنییـانە وەربگرێ بەپێچەوانەوە بە تەســـلیمبوون و توانەوە لەناو ئاین و کۆمەڵدا کۆتایی دێت، ئەمەش وای کرد ئاینیش وەک درێژکراوەی سـیسـتەمی سـیاسـییەکە تواناکانی تاک

بکوژێت و چەمکی تاکگەرایی لەنێو چەمکی دەســـــتەجەمعی بتوێنێتەوە، ئەمەش وا دەکات خەونی گۆڕانکاری و چاکســـــازی لە زیهنی تاکەکان پوچەڵ بکاتەوە، بۆیە هەردوو سیکتەری ئاین و سیستەم بۆ ئەوەی تاک لە گۆڕانکاری پاشـــــەگەز بکەنەوە، ئەوا بە دەیان ڕێگا دەگرنە بەر بۆ ســـاردکردنەوە و پەراوێزخســـتن، بەڵام ئەوەش شـــتێکی ئاشـــکرایە لەنێو هیچ کۆمەڵگـایەکدا نییە، تێیـدا تـاکەکـان بە تەواوەتی ئـازادیی خۆیـان فرۆشــــتبێت، هیچ کەســــێک نەبێت خـاوەنداریێتی لە خۆی بکـات، بە دڵنیاییەوە کەســانێک دەبینینەوە کە بوونێکی ڕەســەنیان هەیە، هەمیشــە نیگەران و دڕدۆنگی ئەوەن کە چۆن کۆمەڵگا ســـــاخڵەم بکەن، بەهۆی خوێنـدنەوە و دونیـابینییـان و خەمخواردن بۆ ئـاینـدە و دابینکردنی داهاتوویەکی گەش بۆ دەوربەریان هەمیشـــە خەڵکی هۆشـــیار دەکەنەوە هانیان دەدەن کە تاکەکان خۆیان بدۆزنەوە، لەو چەقبەســـــتوویەی تێی کەوتـــــوون، دەریـــــان بـــــهـــــێـــــنـــــن.